# عەلی بچۆ بۆ ئاسمان.. بابمری!

## کەسێك هات.. پرسیاری لەهەڵبجەییەك كرد.. نەكەس دەیناسێ كێیە.. نەكەس دەیناسێ كێ بوو!



**سەلام مستەفا**

- سڵاو..
*سەرچاو بەخێرهاتی
- خەڵکی کوێی؟
*هەڵەبجە..
- ناوت چییە؟
*کوردستان
- کوردستان.. دەکەوێتە کوێوە؟
*دەکەوێتە کیشوەری دوکەڵەوە!
- ژمارەتان چەندە؟
*٦٤ ملیۆن کەس
- هەمووتان پێکەوەن؟
*نەخێر.. دزراوین!
- چۆن؟
*بەبەریتانیاو ئەمریکاو تورکیاو ئێرانو عیراقو سوریا بڵێن!
- چییان پێ بڵێین؟
* بڵێین.. چۆن دڵی ئەم میللەتەتان پارچە پارچە کرد!
- چەند شەهیدتان هەیە؟
*جگە لەپێنج هەزاری هەڵەبجە.. دوو هێندەی نفوسی خۆمان!
- لەهەڵەبجەدا چیتان دەکرد؟
*کۆلارەمان هەڵدەداو وێنەی پاچی کرێکارمان دەنەخشاندو گەنمان دەکردە دانووڵە!
- بۆ ئێوە شیوعی بوون؟
*بووین نەبووین!..
- پێڵاوتان لەپێدابوو؟
*بەڵێ.. زۆربەیان لاستیک بوون!
- پێتان لەچ جۆرە پێڵاوێک بوو؟
*کڵاشمان خۆشدەویستو رقمان لە پۆستاڵ بوو!
- میوەتان هەبوو؟
* هەموو جۆرێک
- رقتان لەچی بوو؟
*لەهیچ.. بەڵام ئەمێستاکە سێو!
- بۆ؟
*چونکە دوکەڵەکە بۆنی سێوی لێ دەهات!
- چراتان هەبوو؟
پەپوولەی ئازادیو داری ئازادیمان لەبەردەم چرادا نووسییەوە!
- هیچ شتێک لەسەر هێرۆشیما دەزانن؟
*لەوەش زیاتر ئەنفال!
- ئەنفال چییە؟
*بەقورئان بڵێ.. دواتر کە تێگەیشتیت سەدو هەشتاو دوو هەزار مۆم داگیرسێنە!
- بۆ بەئێوە دەڵێن.. شاری هەنار؟
*چونکە خوێنمان بەدرەخت بەخشیوە!
- ئەی درەخت چی داوە بەئێوە؟
*بەداخەوە.. تا بەردەوامی ئازادیمان..
هەر سێدارە!
- پاپای فاتیکان دەناسن؟
*کەسێ نەهاتبێتە هەڵەبجە نایناسین؟
- ئەی عەلی
*کام عەلی؟
- عەلی.. هەر عەلییەک بێت؟
*ببورن.. عەلیەکانمان لێ تێکچووە.. ئەوە عەلی کوڕی ئەبی تالیبو عەلی بایەزیدو عەلی خانو عەلی کیمیاوی!
- ئەو عەلی کیمیاوییە چی کرد؟
*هیچی نەکرد.. تەنیا ئەوەندە نەبێ.. بەلاستیکێکی خەت کوژانەوە شارێکی سڕییەوە!
- چۆن ئەمەی کرد؟
بچوونایە بەسەدامتان بوتایە!
- هەڵەبجە خوێندەواری تێدا بوو؟
*گەر دایستۆفیسکیو یەسەنینو بۆ دلێرو کافکاو پۆشکینو تەنانەت لینینو ستالینیش لەدایک بونایەتەوە.. دەهاتن لەهەڵەبجە.. بەنووسینو خوێندنەوەکانیاندا دەچوونەوە!
- کەس هەبوو قورمیشتان بکات بۆ سەرکەوتن؟
*بەڵێ.. عومەری خاوەر بۆ ژنەکەی.. تاخوا کوڕێکی بداتێ!
- دروشمتان هەیە بۆ هەڵەبجە؟
*بەڵێ
- چییە؟
*هەڵەبجە لەکوێدایەو لە کوێدا بووەو چی ئەکرێو چی ناکرێو
بۆ هەڵەبجەو، هەڵەبجە چی بووەو بۆ گوناهەو بۆ کەلاوە
کراو بۆ هەر کەلاوەیە؟
- گەر پرسیار لەدایکێکی هەڵەبجەیی بکەین بۆ هەڵەبجە دەڵێ چی؟
*دەڵێ کوا بووکە شوشەی کچەکەم!
- ئەی لەباوکی؟
* دەڵێ.. کوا کۆلارەی کوڕەکەم!
- ئەی لەسیاسەتمەدارێک؟
*ملیۆن وەڵامی تۆزاوی! هەڵماوی!
گڕاوی! داماویی!!..
- فێستیڤاڵتان هەیە بۆ هەڵەبجە؟
* بەڵێ..
- چی نمایش دەکەن؟
*لەگۆڕنانەوەی هەڵەبجە بۆ زیاتر لەبیست جار!
- جوانترین رووناکیتان کامەیە؟
*داگیرساندنی مۆمەکان لەکەلاوەکاندا!
- خۆشترین کاتی پێکەنینتان؟
*گریانەکانی بەردەوامی!
- پارەو پولتان؟
*کرێی هاتووچۆ بۆ بەردەم لێپرسراوانو تکاو پاڕانەوەمان!
- دوکەڵی دوای کیمیاباران؟
*تەنیا دوکەڵی جگەرەکانی نێو پەنجەمان!
- سروودتان؟
*هەڵەبجە هێرۆشیمایە!
- چیرۆکەکانتان؟
*بەملیۆن ساڵی تر نانووسرێتەوە!
- خۆزگەتان؟
*خۆزگە عەلی حەسەن مەجید لەگازینۆیەکی هەڵەبجەدا یاری دۆمینەی لەگەڵدا دەکردین!
- نامەتان؟
*ئومێدمان بەهیچ کۆترێکی سپی نەماوە!
- داواتان؟
*هەزارەها ئیمزا بەیەک وشەوە.. ئەویش هەڵەبجە!
- لێدانی دڵتان؟
*لەچاوەڕوانی دوکەڵێکی تردایین!
- سەماتان؟
*منداڵەکانمان.. بەبەردەوامی کۆلارە هەڵدەدەن..
لەسەر کۆلارەکانیشیان نووسیوە.. (عەلی) بڕ بۆ ئاسمان، بابمری.. دواتر.. منداڵەکان پەتی کۆلارەکە دەقرتێنن!!.

---

**نەجم محەمەد**

# هەناسە یادێک.. لە محەمەد حسێن هەڵبجەیی شاعیر

لەژێر ئاسمانی شینو لەپاڵ لوتکە بەفرینەکەی گۆرانی شاعیردا لەشاری هەڵەبجەی مەملکەتی شیعردا کرێکارێکی هۆشیاری زەحمەتکێش لەتەک غەمی نانو کاردا غەمی جوانی شیعریشی لەئەستۆ گرت.. کانی شیعر لەخەونو خەیاڵو پەنجەکانی دا هەڵدەقوڵا.. ئەو ئەگەر غەمی نان نەبوایەو غەمی نان لێی گەڕابا ئەوا هەموو ژیانی خۆی یەکپارچە دەکردە شیعر.. شیعری ئەو گمە گمی دەهات وەک کۆترەکانی ناو سنەو بەرەکانی باخی گشتی.. وەک مۆردەکانی مۆردانە سەوزو تەڕ.. وەک هەنارەکانی باخی میر ئاودارو سوور.. شیعرەکانی ئەو بۆنی ڕێحانەی غەزەلەکانی (تاهیر بەگ)ی لێدەهاتو رەنگی گوڵی شعرەکانی (ئەحمەد موختار)ی لێی نیشتبوو.. دەنگی هەناسە شیعرییە نوێیەکانی (گۆرانی) لێوە دەهات.. سەمای سۆزی شمشاڵەی (مینەی لولک ژەنی) نمایش دەکرد.. ئەو خۆی بۆ خۆی لەشیعر دەچوو.. ئەو لە شارێکدا لەدایک بوو کە ئەو شارە خووی بەشیعرەوە گرتبوو بەبێ شیعر نەدەژیا، ئەو شارە بۆ خۆی شارێک بوو لەنمەی شیعر.. بەداخەوە هەر غەمی نان بوو شیعرو رۆحی ئەوی بەمەرگ ناساند..

محمد حسێن هەڵبجەیی دەنگێکی دیاری شیعری ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بوو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو بە هەڵوێست بوو هەمیشە وەدووی روناکیەکدا وێڵ بوو کە شاری پێ رووناک بکاتەوە.. ئەگەر بمابا ئەمێستاکە دەنگێکی گەورەو درەوشاوەی شیعری کوردی دەبوو ناوی تەواوی (محمد حسێن محمد)ە نازناوی شیعری (محمد حسێن هەڵبجەیی)ە لەناو دۆستو هاوڕێیانیشیدا بە (حەمە حسێن) بانگیان دەکرد، ئەم شاعیرە لەبەر خۆشەویستییەکی جاویدانی بۆ هەڵەبجە نازناوی هەڵەبجەیی بۆخۆی هەڵبژارد، هەر لەسەرەتای هاتنە ناو دونیای ئەدەبییەوە هەر لەهەڵەبجە چۆتە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی پاشان بەهۆی گواستنەوەی ماڵیان بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٤دا قۆناغی سەرەتایی لەقوتابخانەی مەڵکەندی لە سلێمانی تەواو دەکاتو قۆناغی ناوەندی لەسەرچنار تەواو دەکاتو دواتر ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبا لە سلێمانی تەواو دەکاتو قۆناغی ناوەندی لەسەرچنار تەواو دەکات دواتر پەیمانگای بەرزی گەیەنەرەکانی بێتەل لەبەغداد تەواو دەکات (المعهد العالی للآتحالات السلكیه واللاسلكیه) دواتر ماوەیەک لە بەدالەی سلێمانی ئۆتۆماتیکی وەک فەرمانبەر کار دەکات دواتر لە ساڵەکانی ژیانیدا کاری نانەوایی کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی خاو خێزانەکەی لەساڵی ١٩٧٨دا یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە هەر لەمنداڵییەوە حەزو ئارەزووی شیعر نووسینی هەبووەو ماوەیەکی زۆر لەریزی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا بووەو زۆربەی شیعرو ئۆپەرێتەکانی لەبڵاوکراوەکانی شاخ دا بەناوی (بڵێسەوە) بڵاوکردۆتەوە بەتایبەتی لەگۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستانداو بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی تریشی لەشاردا لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی وەک (هاوکاری، پاشکۆی عیراق، رەنجی کرێکار، بەیان، عیراق، نووسەری کورد، رۆژی کوردستان، کاروان)دا بڵاوکردۆتەوەو لەلایەن چەند نووسەرێکی دڵسۆزو خەمخۆرەوە چەندین شیعری وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبیو بڵاونەکراونەتەوەو هەروەها جگە لەشیعر چەند ئۆپەرێتو چیرۆکێکی بۆ منداڵان نووسیوەو هەروەها خاوەنی چەند کورتە چیرۆکو شانۆگەریشە بۆ گەورەکان، بەداخەوە ئەم شاعیرە هەست ناسکو زەحمەتکێشە ئەو دەمەی سەرقاڵو سەرگەرمی کارو دابینکردنی بژێوی ژیان دەبێ، وەک سەربازێکی هەڵاتووی سەردەمی بەعسی رووخاو لەناو سەختی ئەو رۆژگارانەدا دەیویست ژیان لە جەستەی مەرگ دەربهێنێت ئا لەو دەمەدا بەهۆی کارەساتێکی دڵ تەزێنەوە لەنێو دوکانی نانەواییەکەیدا گیان لەدەست دەدات، بەهۆی پیاکێشانی ئۆتۆمبێلێکی شۆفلەوە بەو دوکانەدا، شایانی گوتنە شاعیری جوانەمەرگ ژنی هێناوەو دوای خۆی دوو منداڵی بەجێ هێشتووە بەناوی (رەنجدەر و رێناس) شاعیر یەکێک بووە لەو شاعیرە دەگمەنانەی کە دوای کارەساتی هەڵەبجە لەو رۆژگارە پڕ ستەمو سانسۆرەی بەعسدا شیعری بۆ هەڵەبجە گوتووە لەو رووە چەندین شیعری نووسیوەو هەڵوێستی مرۆیانەو شۆڕشگێڕانەی خۆی دەربڕیوە.. شایانی گوتنە هاوسەرە دڵسۆزەکەی هەمیشە هاوکاری بووە لەهەموو خۆشیو ناخۆشیو ئازارو رەنجێکدا لەتەکیدا بووە لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم یادت بەخێر.



**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم وەرگرتووە لەکتێبی (سێبەری دەنگەکانی محمد حسێن هەڵەبجەیی) لەکۆکردنەوەو نووسینەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر.**